کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەورووپا 5-4-2007 1:26

## زانکۆی سەلاحەدین تەقێنرایەوە! ... محەمەد عەبدوڵلا کەلاری

* تەقاندنەوەی سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر بە (T. N. T)، لەوانەیە لای ئێوە هەواڵێکی تازە بێت، هەرواشە، بەڵام پێش ئەوەی باس لە ناوەڕۆکی ئەم هەواڵە بکەم، وا پێویست دەکات ڕەوشی بەشێك لە بەشە ناوخۆییەکانی ئەو زانکۆیە هەڵوەستەیان لەسەر بکری، نزیکەی حەوت هەزار قوتابی دوور لە زێدی خۆیان لەم زانکۆیە درێژە بەخوێندن دەدەن، ئەوەی بە سەردان ڕێی بکەوێتە هەندی لەو شوێنانەی کە بە شوێنی حەواندنەوەی قوتابیان هەژمار دەکری، دەبینێت کە بنەمایەکی ئەوتۆی ژیان و گوزەرانی مرۆڤی تیا ڕەچاو ناکری، هەر لە کۆنیی و پەرپووتی هەندی لە بینایەکان تا دەگاتە کەمتەرخەمی لە خزمەتگوزاریەکان و، نەبوونی پاسەوان، هەروەها سەرپەرشتیارەکان کە سەرەمانگان پەلەیانە بۆ وەرگرتنی موچەکانیان، مانگی چوار جار ئەو شوێنانە بەسەر ناکەنەوە، لە قوتووی هیچ عەتارێکدا نەبوو قوتابیانی خوێندنی باڵا بە دەنگ و هوڕی تەنەکەچی و ئاسنگەری بەئاگا بێن و لەنێو چەپڵەی کۆتربازاندا ئێوارە بکەنەوە.



* ئەو ڕۆژەی کە هەواڵیاندامی کە تەقینەوە لە سەرۆکایەتی زانکۆی سەلاحەدین ڕوویداوە، کاتژمێ نۆی بەیانی بوو ڕۆژی هەینی بوو، دڵم خورپەی دا کە خوا یاربی زیانێکی گیانی وای نابی، چونکە دەوام نیە، بەر لەوەی باس لە زیانەکانی ئەو ڕووداوە تیرۆریستییە بکەم، هەقوایە گلەیی لەو مامۆستایانەی زانکۆ بکەم کە دیوارێکیان لە پۆزو خۆبەزلزانینیان لەنێوان خۆیان و قوتابیاندا دروست کردووە، ڕاگری کۆلیژ دانراوە بۆ خزمەتکردنی قوتابیان، کەچی یەکێکیان بە قوتابیەکی کوردی ڕۆژئاوا هەڵشاخابوو کاتێك چووبووە لای بۆ چارەسەرکردنی ئاریشەکەی، پێی گوتبوو: من خەریکی حەلکردنی موشکیلەی دکتۆرو مامۆستام مەك تەڵەبە. ئەگەر ئەو دکتۆرە بەڕێزە ئەوەی لەبیرچووە کە مامۆستاو قوتابی و پڕۆگرامی خوێندن سێکوچکەیەکن تەواوکەری یەکتر، ئەوا پرۆسەی خوێندن بە کەموکوڕبوونی یەکێك لەوانە لەنگ دەبێت و دوور نیە ئەو ڕاگرە موحتەرەمەش لەگەڵ غەرق نەبێت.

* بڵاو نەبوونەوەی هەواڵی تەقاندنەوەی سەرۆکایەتی زانکۆ لە دەزگاکانی میدیا و چارەنووسی ئەنجامدەرەکەی، لەوانەیە بووبێتە جێی پرسیاری زۆر کەس، وەلی ئەوەی نیشانەی پرسیارو تەنانەت تەعەجوبیش هەڵدەگری ئەوەیە، کە بەم هەردوو چاوەی خۆم دیم، قوتابی خوێندنی باڵای ئەم پیرە زانکۆیە خەریکی کۆپیکردنی دەستنوسانەی دەقاودەقی ڕاپۆرتێکی پێشتر ئامادەکراو بوو، بەڵام بەناوی خۆی، لەهەمووی سەیرتر قوتابیەکە لە کۆلیژی یاساشە، ئەگەر بەمشێوەیە ئومێدمان بە یاساپارێزانی دوارۆژ بێت دەبی هەر لە ئێستاوە فاتیحە بۆ ڕۆحیانەتی یاسا لە کوردستاندا بخوێنین.

* پێتان سەیر نەبێ کە ناوەندێکی وەکو زانکۆ دەکرێتە ئامانجی تیرۆریستان، ئەوە هاوکێشەیەکە بە ڕۆژی نیوەڕۆ حەل و فەسڵ دەکری، بەڵام هەرچەند دەکەم لەوە ناگەم بۆچی بەرپرسانی ئەو زانکۆیە هەڵدەچن بە ڕەخنەگیران لە گەندەڵییەکان، بەڵام خۆیانیشی لی خپ دەکەن، بی ئەوەی لەلایەن سەروو و سەرووتریانەوە بڵێن پشتی چاوتان برۆیە.

* دواجار لە یەکی نیسان (ڕۆژی درۆی سپی) ی پارساڵ، هاوکارێکم لەو ناوەندە، بەو سپێدەی ساڵحانە بە ماسیجێکی موبایل لە خەو ڕاییەڕاندم و نەیهێشت جومعەکەش خەوێکی خۆش بکەم، لە ماسیجەکەدا هاتبوو: "دەڵێن تیئێنتیەك لە سەرۆکایەتی زانکۆ تەقیتەوە، ئێستا من دەچم تۆش وەرە" منیش لەبەرئەوەی ڕۆژێك پێشتر ئامادەسازی خۆم کردبوو بۆ گۆڵی لەمشێوەیە، زانیم مەسەلەکە گاڵتەیە و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 1:26 5-4-2007

ولأمی پێویستم دایەوە، بەڵام ئەوەی گاڵتە نیە، ئەو پرسانەیە کە خستمەڕوو، کە بەشێکن لە کەموکوڕییەکانی ئەو زانکۆیەو ناکری هەروا بە بی خەمی بەسەریاندا تێپەڕین.

Kalary79@yahoo. com
هەولێر

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.